سودانی بە واشنتۆن: هێزەکانی حەشدی شەعبی دامەزراوەیەکی فەرمیین و یاساکەشی بەشێکە لە چاکسازی ئەمنی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێدەگات.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە مارکۆ ڕوبیو پێگەیشت، و تێیدا پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و دۆخی گشتی ناوچەکە خرایەڕوو.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ڕاگەیەندراوەکە پاڵپشتی عێراقی بۆ هەوڵەکانی سەقامگیری ناوچەکە و بەردەوامی ڕێککەوتنەکانی ئاگربەست و ڕاگرتنی دەستدرێژییەکان دووپاتکردەوە.

هەروەها سودانی ئاماژەی بە هێرشەکانی ئەم دواییە کرد بۆ سەر دامەزراوە نەوتییە گرنگەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و لە پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکوک، و بە بۆ ئامانجگرتنی ئابووریی نیشتمانی عێراق ناوی کرد، و جەختیشی لەوە کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکان لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی هێرشەکان دەکەن.

سودانی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لەوەی کە ئەم هەرشانە هاوکاتە لەگەڵ ڕێککەوتنی پرەنسیپەکانی نێوان وەزارەتی نەوت و کەمپانیا وەبەرهێنەرە ئەمریکییەکان کە لە هەرێم کاردەکەن بە وەبەرهێنان لە چەند کێڵگەیەکی نەوتی لە کەرکوک و سەڵاحەدین.

ڕاگەیەندراوەکە وتیشی هەر لە پەیوەندییەکەدا باس لە یاسای حەشدی شەعبی کرا، و بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە پێشکەشکردنی ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی ئەمنییەوە کە حکومەت گرتویەتییەبەر و بەشێکە لە بەرنامەی حکومەت، کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکراوە، ئەم پرۆسەیە پەسەندکردنی یاسای هاوشێوەی بە دەزگاکانی تری ناو هێزە چەکدارەکانمان لەخۆگرت، وەک دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی نیشتمانی و حەشدی شەعبی"ـیش دامەزراوەیەکی سەربازیی فەرمی عێراقیە و لەژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کاردەکات.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد بە ڕادەستکردنی نەوتی بەرهەمهێنراو و داهاتە نانەوتییەکان بە گەنجینەی گشتی، لە ڕێگەی بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لە چوارچێوەی بڕگە کارپێکراوەکانی یاسای بودجە و بڕیارە پەیوەندیدارەکەی دادگای فیدراڵی، و یارمەتیدەر بووە لە چارەسەرکردنی ئاستەنگە دارایی و یاساییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم، هەروەها پابەندبوونی نیشتیمانی و دەستووری حکومەتی ڕوونکردەوە بەرامبەر بە هاووڵاتیانی عێراقی و لە هەنگاوەکانیدا لە هەموو بوارەکان ڕەنگدەداتەوە.

سودانی سەرلەنوێ جەختی کردەوە لەسەر دیدگای ئابووری عێراق و گرنگی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بۆری عێراق-تورکیاوە و ڕاگرتنی هەموو جۆرەکانی بەقاچاخ بردن و کارە نایاساییەکان، کە سەرچاوە نەوتییەکان دەکەنە ئامانج.